# چەند یاداشتێک لەسەر هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستان:

نوری بەشیر
n.bashir3@ukonline.co.uk

## 1- کاتێک کەگەندەڵی سەرتاپای دەسەلات دەگرێتەوە، ژنان یەکەمین قوربانی دەبن!

ئەمجارەیان بەپێی ئامارو بەدەلایلی رەسمی و لەناوخۆی کوردستان دور لەهەر حزبێکی مخالیفی هەردوو حزبی دەسەلاتدارو حکومەتی هەرێم و پەرلەمان، هەواڵی ئیغتسابی ژنان و بەئامار 435 ئافرەت کەدەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر، وە زۆربەی دەستدرێژیچیان لەوەزیرو دەسەلاتدارانی دەوڵەتدان.

رەنگە ئەمە بۆ خەڵکی کوردستان لەئێستادا زۆر جێگای سەرسورمان نەبێت، لەبەر ئەوەی لە 17 ساڵی رابردوودا زۆر شتی عەجیب و غەریبیان لەم دەسەلاتدارانەی بزوتنەوەی کوردایەتی بینیوە، واتە ئەمە دڵۆپێکە لەودەریا گەندەڵی و خێرەی کە هەردوو حزبی بۆرجوا ناسیونالیستی کورد بۆ خەڵکی کوردستان و بەتایبەت بۆ ژنان بەدیاری هیناویانە، ئەمانە وەک پیشەی هەمیشەییان هەر مایەی سەرکوت و چەوسانەوەبوون بۆ ژنان و ژنانیان وەک ئامرازێک بۆ حزمەتی ماڵ و مناڵ و لەزەتی پیاوان سەیرکردوە، ئەم دەسەلاتدارانەی بزوتنەوەی کوردایەتی سەرچاوەیەک بوون لەماوەی دەسەلاتیاندا لەکوردستان بۆ زیندوکردنەوەی هەمووداب و نەرێتێکی کونەپەرستی بەبیانوی پاراستنی داب و نەریت و ئەخلاقیاتی دواکەوتوانەی کۆمەڵگا کەبەشی زۆری باجەکەی دەبێت ژنان بیدەن.

دەورانێک ئەم دوو حزبە دەسەلاتدارە لەکوردستان کەدوو ناوچەی تازە لەدەسەلاتیان هەبوو، زۆر خۆیان خەریک کردبوو بەمەسەلەی ناموس و ئەخلاقیات بەسەر سەری ژنانی کوردستانەوە بۆ ڕازیکردنی دڵی ئیسلامی و عەشایەرەکان، بەسەدان لەژنانیان لەژێر ناوی ناموسدا کوشت و لەژێر سایەی دەسەلاتیاندا سوتێنران و سوکایەتی جۆراوجۆریان پێکرا، هەر لەم پێناوەدا ئەحزابی چەپ و رادیکالیان سەرکوت دەکردو دەرگای بارەگاو رۆژنامەکانیان دادەخست بەوەی بەرگری لەژنانی بەرەڵا دەکەن، بەلام دیارە ئێستا دوای نزیکەی دوو دەیە لەدەسەلات و تەجروبەیەکی زۆر کەپێی گەیشتون، خۆیان سەرانی هەردوو حزب و حکومەت و پەرلەمان ناموسی ژنان دەروشێنن و پەڵەی رەش کەخۆیان پیان وایە کەپەڵەی رەشە، دەنێن بەنێوچەوانی خیزانەکانەوەو لەئاخرین جاریشدا ئەو ژنانە کەئەوان کردویانن بەنێچیری حەزەکانیان دەبنە قوربانی ناموس پەرستی ناسیونالیزمی کوردو بەشێوەی جوراوجۆر تیرۆر دەکرێن.

لەسەر ئەمەو سەدان کارنامەی ڕەشی تری ئەم دوو حزبەی بزوتنەوەی کوردایەتی و سەران و وەزیرەکانیانە دەبێت خەڵکی کوردستان لەدەسەلات بیانهێننە خوارەوە.

لەماوەی دوو ساڵدا و ئەوەی زانراوە و بەپێی ئاماری رەسمی کەرۆژنامەی ئاوێنە لە 7ی دیسەمبەری 2007 دا لەدەمی دکتۆر یوسف عوسمانەوە بلایکردۆتەوە، ئامارەکە وێنەیشی نیشانی پەرپرسانی حکومەتی هەرێم دراوە، کە تەنیا ئەوەی ئەزانرێ و دەرکەوتوە، لە 2005 و 2006 دا 435 ئافرەت لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی هەرێمەوە دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر، ئیتر ئەمە هیچ بەهایەک بۆ قسەی زلی حکومەتی هەریم و سەرانی هەردوو حزب ناهێلێت لەتەپڵی درۆزنانە کەرۆژانە دەیژەنن بۆ مافەکانی ئافرەت لەکوردستان، دستدریژی سێکسی بۆسەر ئافرەتان کەبۆکارو بژێوی رۆژانە دەچنە لای ئەو وەزیرو پەرپرسانە و کاری تاقەت پرۆکێن دەکەن بەڵام پاروەنانی ئارەقی نێو چەوانیان پێرەوا نابینن و ئیستیغلالیان دەکەن، ئەوانە ئەو هەقانیەتە دەردەخات کەخەڵکی کوردستان چەندین سالە هیچ ئومێدێکیان بەحزب و دەسەلاتی دژی ژنیان نیە، هیچ خۆشخەیاڵیەکیان بەئایندەی دەساڵاتیان نیە، هەر ئەوانەی کەسەرچاوەی گەندەڵی کۆمەڵگان و سەروەت و سامانی کۆمەلگایان هەڵلوشیوە، هەر خۆشیان سەرچاوەی رووشانی رەوشت و ئەخلاقێکن کەدەیەیەک زیاترە قسەی لەسەر دەکەن و تەپڵی بۆ دەکوتن، دیارە بۆ ئەو جەنابانەی سەرانی ئەم حزبانەو حکومەتی هەرێم، دەورانەکە گۆراوەو زەرورەتێک بۆ دەسەلاتی قەومیان ئەوە دەخوازێ هەموو بەهاکانی کۆمەڵگا کەجاریان بۆ دەداو کەسایەتی و لایەنی رادیکال و ئینسانیان بەقازانجی کۆنەپەرستی سەرکوت دەکرد، ئەمرۆ خۆیان ئالا هەڵگرین، چیتر دەبێت کۆمەڵگا بێدەنگ نەبێت.

## 2- بریاری یاسای رۆژنامەگەری پەرلەمان و بەرگری لەئاسایشی نەتەوەیی!

پەرلەمانی حکومەتی هەرێم یاسای رۆنامەگەری پەسەند کرد، بەدوای سالانێکی دەسەلاتیان زۆربەی یاساکانی رژێمی بەعسیان بەکاردەبەن، بەلام ئەمجارە یاساک کە دەیانەوێ بیسەپێنن زۆر لەدوای یاساکانی بەعسەوەیە، ئەم جارەیان بەهانەی جۆراوجۆریان بۆیاسای رۆژنامەگەری هێناوەتەوە کەدەکرێ لەزۆر لایەنەوە قسەی لەسەر بکرێت، ئەمرۆژانە ناوەوەی کوردستان و دەرەوە بوەتە مەیدانێکی گەورەی نارەزایەتی بەو یاسایە کەپەرلەمانی کوردستان دەیەوێت سەرکوتی ئازادی رۆنانەگەری و رۆنامەنوسان بکات، کەئەمە دەروازیەکە بۆ لێدانی هەموو ئازادیەک لەکۆمەلگادا، یەکێک لەبەهانەکانی ئەم جارەی پەرلەمانی کوردستان ئاسایشی نەتەوەییە، بەلام ئەمان رۆنیان نەکردۆتەوە کەچ جۆرە ئاسایشێکی نەتەوەییان مەبەستە، ئایا ئەو ئاسایشی نەتەوەییەیان مەبەستە کەخۆیان لەماوەی 17 سالی دەسەلات و شەری دەسەلاتیاندا، هەزران لەخەلکی کوردستانیان بەکوشت داو هەزارانیان ئاوارە کرد کەتا ئێستاش زۆرێک لەوانە هەر ئاوارەن، بەسەدانی تر سەرنگون و ئایندەیان دیار نیە وەک ئایندەی زۆرێک لەئەنفالەکان. ئایا پەرلەمانی کوردستان و حکومەت و حزبەکانیان، ئەو ئاسایشی نەتەوەییەیان مەبەستە کەخۆیان پێشلەشکریان بۆ دەبابەکانی تورکیا کردو لەئیبراهیم خەلیلەوە هینایاننە کوردستان. ئایا ئەو ئاسایشی نەتەوەییەیان مەبەستە پێشلەشکریان بۆ هیزەکانی پاسدارانی جمهوری ئیسلامی ئیران کردو هینایاننە قولایی خاکی کوردستانەوە بۆسەر بارەگاکانی حزبی دیموکراتی ئیران. یان دەستگرتنی لەشکرو دەبابەکانی رژێمی بەعس و هێنانەوەی بۆ کوردستان و شەرو شکاندنی یەکتریان پێدەکرد، یا یاری کردن بەچارەنوسی خەلک و مادەی 140 و مساومەکردن لەسەری، ئایا هەموو ئەوانە تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی نەبوون و نین؟ یان دەکرێ ئاسایشی نەتەوەیی مانایەکی تری بۆ پەیدا ببێت، ئەویش ئەوەیە کەئاسایشی نەتەوەیی پەردەیەکە بۆ بەرژەوەندی کێ و بەدژی کێ!؟

بێگومان لەم یاسای رۆژنامەگەریەدا کەپەرلەمان پەسندی کردوە، بەرژوەندی ئاسایشی نەتەوەییەک لەپشتیەوە وەستاوە، بەقازانجی دەسەلاتی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد، بەقازانجی کورسیەکانیان لەپەرلەمانی دەولەتە شرەکەی مالکیدا و ئیمزادان لەکۆنەپەرسترین بریار و ئیتفاکردن لەگەل کۆنەپەرسترین ئەحزابی بۆرجوا قەومی و ئیسلامی عەرەبیدا، بەپارێزگاری بە ئیتفاقاتە نەوتی و بازرگانیەکانی ترەوە.

تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی تا ئەو شوێنەی بەزەرەری خەلکی کوردستانە، وە پاریزگاری لەحزبەکان و دەسەلات و گەندەلیەکانیان دەکات، بۆ حکومەتی هەریم پەرلەمان شوێنی سەرنج نیە، تا ئەوکاتەی دەگاتە ئەوەی ئەو ئاسایشی نەتەوییە خۆیان دەگرێتەوە ئیت سەدان بالۆرەی بە لێدەدەن.

بۆخەلکی کوردستان ئاسایشی نەتەوەیی یەک مانای هەیە، ئەویش دیاریکردنی ئایندەیەکی باشترو رۆشنتر، بوونی ژیانێکی خۆش و رەفاهو بوونی پیداویستیە سەرەتایی و ئینسانی و نەمانی ترس و دلەراوکێی رۆژانەی لەشکرکێشی و گرانی و برسێتی، بەلام بریاردان لەسەر یاسایەکی سەرکوت بۆ کاری رۆژنامەگەری و رۆژنامەنوسان، یانی سەرکوتی ئازادی بیروار، کەهەموو بەرگێکی قەومیەکردن بەبەری سەرکوتدایەو هیچی تر.

دەبێت بەهێزو نارەزایەتی رۆشنبیران و قوتابیان و کریکاران و مامۆستایان و ژنان و لاوان و هەموو لایەنێکی کەبەرگری لەئازادی بیقەیدو شەرتی بیرورا دەکەن، پاشەکشە بەم یاسایەی پەرلەمانی کوردستان بکرێت و رێگایەک بێت بۆ یاسایەکی مەدەنی و ئازاد و دەرگایەک بێت بۆ قبولنەکردنی هیچ بریار و یاسایەکی تری کۆنەپەرستی لەمەیدانەکانی تردا.

## 3- ترسی هەرەشەو لەشکرکێشی تورکیا هەر بەردەوام دەبێت!

بەدوای کۆبونەوەی ئەنقەرەدا میدیاکانی جیهان بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی شێوەیەک بێدەنگەیان لەهەرەشەکانی تورکیا کرد، وەک ئەوەی کەتورکیا لەبریارو سیاسەتێک کەبەشوێنیەوەیەتی لە عێراقدا پاشەکشەی کردبێت، وەک ئەوەی تورکیا تەنیا هێرشەکەی بۆسەر بارەگاکانی پەکەکە یان کوردستان بێت. کۆبونەوەی ئەنقەرە هودنەیەکی کاتی نێوان ئەمریکا و تورکیا بوو، بەدوایدا پەرلەمانی تورکیا بریاریکی دەرکردو سەلاحیەتی تەواوی داوەتە سوپا کەهەر کات ویستیان لەشکرکیشی خۆیان بکەن، ئەوەتا هەر ئەمرۆ

بەشیوەیەکی فراوان هێرش بۆسەرکوردستان دەستی پێکردوە بەشیوەی بۆردومانی هەوایی و چاوەڕێ دەکرێ هێرشی فراوانتری بەشوێنەوە بێت، ئەمە ڕۆشنە ئەم هێرشە بەهاوکاری و لەسەر ڕەزایەتی ئەمریکای دۆست و هاوپەیمانی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردو سەرچاوەی سیناریۆی رەشی عێراقە، ئەوە ئاشکرایە لەم هێرشەدا حکومەتەکەی مالکی ناتوانێت هاوکاری ئەم رەزایەتەی ئەمریکا نەبیت، لەژێر ناوی هێرش بۆسەر پەکەکە، کەسوپای خۆی بێنێتە کوردستان یان پاشەکشەیەکی زیاتر بەئەحزابی ناسیونالیستی کورد لەوەی ئێستا کردوویانەو مادەی 140 یان بۆ چەند مانگی تر دواخستووە.

ئێمە وتمان سیاسەتێک کەتورکیا بەشوێنیەوەیەتی هەرلەجێگای خۆیەتی، سیاسەتێک کەئەبعادێکی جیهانی و ناوچەیی هەیە، لەوەی کەتەنیا رەبتی بەکوردستانەوە یان پەکەکەوە هەبێت، کوردستان یەکێک لەعاملەکانی داخلی عێراقە، عاملی ئەسڵی بۆ تورکیا، پێش هەموو شتێک شکستی سیاسی و عەسکەری ئەمریکایە لەعیراق، مانەوەی کێشەی فەلەستینە بەچارەسەرنەکراوی، نەبوونی دەوڵەتێکی نۆرماڵ لەعیراقدا، جێگاوریگای دیارو لەسەرەوەی ئیران لەعیراق و ناوچەکەدا، سەردەرهینان و بەهێزبوونی ئیسلامی سیاسی لەعیراقدا، بونی حکومەتی هەریم بەقەوارەیەکی جیاواز لەئاستی عیراق و ئەمانە هەمووی شوینی خۆشحالی تورکیا نیە، لەکاتێکدا فرسەت لەبەردەم تورکیادایە کەجیگاو رێگای زیاتری هەبێت، هەموو ئەمانە کۆمەڵێک هۆکارن هەر بەشوێنی خۆیان باقین، وە زەمینەن بۆ ئەوەی تورکیا جیگاو ریگای خۆی بباتە ئاستیکی تر، وە بتوانیت دەخالەتیکی زیاتری لەلەهەلومەرجی عیراقدا بکات و لەشکرکێشی بەسەر کوردستان بکات، بەوەش موقعیەتی خۆی لەئاستی ناوچەکەو جیهاندا بەرێتە شوێنێکی تر.

هەروەک ئێمە پێشتریش وەک حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئەم هەرەشەیەی تورکیامان بەجدی ناساند و بەخەڵکی کوردستانمان ووت کەرێگایەکی تر لەبەردەم خەڵکدایە بهۆکۆتایی هەمیشەیی بەلەشکرکێشی وولاتانی ناوچەکە بۆسەر کوردستان، ئەویش ئەوەیە کەتەنیا ریگا بۆکۆتایی هینانی هەرەشەی ئێستاو هەرەشەکانی تری تورکیا و ئیران و باقی دەولەتانی ناوچەکە بۆسەر کوردستان، جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە، وە بۆرێگەگرتن لەهەرەشەو لەشکرکێشی ئێستای تورکیا، هاتنە مەیدانی خەلکی کوردستانە بەریزی سەربەخۆی خۆیان و بەجیا لەهەردوو حزبی دەسەلاتداری یەکیتی و پارتی کەبەشوین بەرژوەندیەکانی خۆیاوەن و گرێدراوی سیاسەتەکانی ئەمریکان کەتەرەفێکی گەورەیە لەهێرشی ئێستای توریکا. ئیتر ئەوە خەلکی کوردستانە دەتوانێت ڕێگا بگرێت و پاشەکشە بەلەشکرکیشی سوپای تورکیا بکات. خەلکی کوردستان لەم نیوەدا تەنیا نین چ لەئاستی ناوخۆ و چ لەئاستی دنیادا.